# سەرکۆمارنامە
(1)

**حەمەسەعید حەسەن**

بەو ئومێدەی ینک وەک حیزبێک لەوە تێبگات کە سکرتێرێکی خراپی هەیە، سەدان ڕەخنەم لە مام جەلال گرت، کەچی ئەو هەموو ڕەخنەیەی من، نەک هەر زیانی پێ نەگەیاند، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بە قازانج بۆی گەڕایەوە! ئاخر نەک هەر هیچ لە پلە و پایەی کەم نەبووەوە، بەڵکوو وەک دەزانن، لەسەر ئاستی عێراق، بە بڵندترین پۆستیش کە سەرکۆمارە، شاد بوو، هەر بۆیە ئیدی زۆر بە ترس و لەرزەوە، ناو بە ناو سووکەڕەخنەیەکی لێ دەگرم، چونکە دەترسم ئەگەر وەک جاران زوو زوو ڕەخنەی توند توندی لێ بگرم، لەسەر ئاستی جیهان بەرزترین پۆست وەربگرێت و ببێتە سکرتێری یوونێن، یان چونکە تەمەنی لە حەفتا هەڵکشاوترە، تەنانەت ببێتە (پاپا)ش!

*

لەسەر ئەوەی زێتر ڕەخنەم لە ینک دەگرت، ڕەخنەیەکی زۆرم لێ دەگیرا، بۆیە بڕیارم دا، بە درێژایی ئەمساڵ، هیچ ڕەخنە لە ینک نەگرم، بەڵکوو توانای خۆم بۆ ڕەخنەگرتن لە سەرکۆماری عێراق تەرخان بکەم. سەرکۆماری عێراق فاوڵ زۆر دەکات و ئەوی بخوازێت فاوڵەکانی بەسەر بکاتەوە، ڕۆژانە لای کەم دەتوانێت ستوونێکی لەسەر بنووسێت. هەشت نۆ مانگێک و هەشت نۆ هەزار فاوڵێکم لە بەردەمدایە، بەو هیوایەی بەشی دووەمی جەلالینامە، کە بە نیازم (سەرکۆمارنامە)ی ناو بنێم، لە دایک ببێت.

*

یەکەم سەردانی وەک سەرکۆمار بۆ سلێمانی دەبێت، پەیامنێری کوردسات لێی دەپرسێت:

* بۆ چ مەبەستێک بە سەردان بۆ ئێرە هاتوونەوە؟

** ئەوە سۆزی نیشتمان بوو منی هێنایەوە بۆ ئێرە.

وەک لە تاراوگە بووبێت، نەک لە نیشتمان، وەک لە بیری چووبێتەوە کە سەرۆکی عێراقە و سلێمانیش یەکێکە لە شارەکانی عێراق.

*

کوردیش سەیرە، هەشتا و قسوور ساڵە خەو بە هەرەسی عێراقەوە دەبینین و کە دەڕووخێت، کە داری بەسەر بەردییەوە نامێنێت، کە لەشکر و هەموو دەزگا کوردکوژەکانی دیکەی لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە، بە پەلە ڕوو دەکەینە بەغدا و دیسان دای دەمەزرێنینەوە! دەچین دروستی دەکەینەوە و داوای مافی خۆمانی لێ دەکەین! جاران ئینسان دەچوو بتی دروست دەکرد و کڕنووشی بۆ دەبرد! بتی لە تەختە دادەتاشی و دەیکردە خوداوەندی خۆی و تکای لێ دەکرد، لە دەرد و بەڵا بیپارێزێت و ئاواتەکانی بهێنێتە دی. کورد هێشتا لە سەردەمی جاهیلدا دەژی، ئەوە نییە خەریکی دروستکردنی بتی عێراقە، بۆ ئەوەی لە بەردەمیدا بێتە سەر چۆک، لێی بپاڕێتەوە و داوای مافەکانی خۆی لێ بکات!

2005. 05. 07